# پێنجی خەرمانان و ڕەوتی بەرەو پێشچونی سازمانی خەبات

پێبوار حوسێنی

پێنجی خەرمانانی ئەم ساڵ،،٢٧مین ساڵۆڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران،، بیرەوەری ڕۆژێکی مێژوویی و خاڵی وەرچەرخانێکی بەرچاوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی ئاشتی خوازی کورد،لەپێناو وەدەست هێنانی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤی گورد لە قۆناغ و هەل و مەرجی سەردەمدا.

زۆرن ئەو ڕۆژە مێژوییانەی کەلە مەودای خەباتی ڕەوای گەلانی بندەست و مرۆڤ دۆست و ئاشتی ویست و پێشکەوتنخوازدا، وەک ئەستێرەێکی پرشنگدار لە ئاسمانی بەرخودان و تێکۆشانی گەلاندا دەدرەوشێنەوە. پێنجی خەرمانان، ئەستێرەی پێنج پەڕی پڕ تیرێژی ئاسمانی هیوای گەلی بەلەنگاز و مافخوراوی کورد لە کوردستانی بن دەستی ڕەشترین و خوێنمژترین دەسەلاتی دیکتاتۆری سەردەم (دەسەلاتی سەرەڕۆ ولاساری ئێرانی ئاخوندی دا). بۆ ڕاستی و ڕەوایی ئەم داوایە، پێم وایە ئەوەندە بەسە کە بڵێم هەر دوا بە دوای ڕاگەیاندنی دامەزرانی سازمانی خەبات لە پێنجی خەرمانانی ساڵی١٣٥٩ ی کۆچی خۆریدا، سەرەڕای زۆر کۆسپ و تەگەرە خستنە سەر ڕێگای ڕێکخراوە لە لایەن دژمن و نەیارانیەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە چین و توێژەکانی کوردەواری، هەر لە فەلاو جوتیارەوە بگرە تا خوێندکاری زانکۆ و بگرە پلەی بەرزتریش، نموونەیان شەهید کاك سەید عەبدوڵڵا ئارم (کاك وریا)، کە لەم پێناوەدا خۆی فیدای ڕزگاری گەل و ئازادی و ئاوەدانی نیشتمان کرد، ئەو ڕێبازەیان هەڵبژارد کە خەباتیەکان لە ڕۆژی٥ی خەرمانانی ساڵی١٣٥٩ی هەتاوی دا دیاریان کرد و گەلاڵەیان داڕشت.

سازمانی خەبات لە ڕەوتی بەرەوپێشچون و لە درێژەی ڕێگای پڕ لە کارەسات و لێواو لێو لە شەرەف و شانازی و حەماسەی دا،بە زۆر قۆناغی حەستەم دا تێپەڕیوەو تووشی گەلێك کۆسپ و تەگەرەی ناو خۆیی و دەرەکی هاتوە، کە هەرکامیان بە هۆی هەل و مەرج و تێڕوانینی تایبەتەوە پێك هاتوون کە بەشی زۆریان تاشراوی دەستی دژمن و نەیارانی سازمان و، بەشێکی دیکەشیان بەهۆی کەم ئەزموونی سیاسی و لێك حاڵی نەبوونی بەشێکی سەرەکی و بەرچاو لە بەرێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەوە سەریان هەڵداوە کە لە ڕابردوودا ڕەوتی بەرەو پێشچون و پێگەیشتنی ئەم ڕێکخراوەی تا ڕادەێکی بەرچاو بەربەست کردوەو شوێنەواری خراپی بە جێ هێشتووە. کە لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە ناو وردەکاریەکانیەوە و هێندێك باس و خواس بهاروژێنم کە بەسەر چوون و پێم وایە باسکردنیان، کای کۆن بەباکردنەو پیاو دوای چوان نەچێت باشە و سەرنج و ڕای لەسەر داهاتوو بێت ژیرانە و دڵسۆزانەترە.

ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکان و ڕەوتی ڕووداوەکان لەم چەند ساڵەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا، زۆر گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی لە ڕەوت و کاری دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراو، لە سەرتاسەری جیهاندا پێك هێنان. تەوژمی شەپۆلی دێموکراسی و گۆلۆبالیزم و ڕووتێکردن و پشتیوانی کردنی کۆمەڵگای مرۆڤ، بێجگە لە هێندێك دەوڵەت و دەسەلاتی ڕەگەز پەرست و پاوانخوازو دیکتاتۆر-لەم دیاردەیە، بۆتە هۆی زیاتر لێك نزیك بونەوەو تێگەیشتن و ناسین و هاوکاری و یەکیەتی و هاودەنگی لە جیهاندا.

ڕێکخراوی خەبات وەك ڕێکخراوێکی خاوەن باوەڕی قوڵ بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بە هەموو بەشەکانیەوە و بیری ئازاد و کۆمەڵگای مەدەنی، لە ئاخرین کۆنگرەی خۆی دا لە٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرانبەر بە١٢ی فەوریەی ساڵی٢٠٠٦ی زایینی، ئاڵوگۆڕێکی قوڵ و بنەڕەتی بەسەر شێوەی کارو بیرو بۆچونی دا هێنا. بە شێوەێکی وا کە بتوانێ شان بە شانی باقی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەکانی ناوچە بە گشتی و گۆڕەپانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بەتایبەتی، ئالای خەباتی نەتەوایەتی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی هەڵداو،بە دوور لەهەر چەشنە ئایدۆلۆژیای بەر تەسکی وا کە گەل لە چوار چێوەێکی دیاریکراو دا لە مەنگەنەدا، ڕێگای خەباتی ڕەوای خۆی بەرەو لوتکەی سەرکەوتن بگرێتە پێش. ڕێڕەو و ڕێبازاێکی وا دەست نیشان بکات کە نە لە دەور و بەری سڵ بکاو نە دەورووبەریشی داوەڵ و سڵی لێبکەن.!! ئەم بڕیارو ئاڵۆ گۆڕە بەرچاوەی سازمانی خەبات، نیشانەێکی بەرچاوی تێگەیشتن و پێگەیشتنی بیرو ڕامانی ئەو کەسانەیە کە زۆر بوێرانە و ژیرانە هەل و مەرجە سیاسیەکانیان تاوتوێ کردوە و نایانەوێت لە ڕێڕەو و کاروانی بەرەو پێشچوون دوورە پەرێز بوێستن و تەریك بکەونەوە.

ڕەنگە بۆ زۆران ڕوون و ئاشکرابێ کە سازمانی خەبات لەچ کەش و هەوایێکی سیاسی و هەل و مەرجێکی کۆمەڵایەتی دا دامەزراوە بوونی خۆی ڕاگەیاندوە!! لەهەمان کاتیش دا زۆرن ئەوانەی کە بەرەی نوێن و لەو کات و سەردەمەدا لە تەمەنێکی وادا نەبوون یان هەر لەدایك نەبوون و ئێستا خوازیاری زانیاری بن لەم بارەوەو، هەروەها کەم نین ئەوانەی کە بەهۆی پڕوپاگەندەی نەیارانی ڕێبازو ئامانجەکانی سازمانی خەبات، ئەم ڕێکخراوەیان وەك ڕێکخراوێکی دواکەوتوو یان داردەست بێگانە، یان تاقم و دەستەێکی عەشایەری ناساندبێ. کە بۆ ڕوون کردنەوەو زانیاری بەوانە، کورتە ئاوڕو گەڕانەوەێك لە مێژوو و دروووست بوونی سازمانی خەبات بەو ناو و ناوبانگ و دروشم و ڕێبازی سەرەتای دروست بوونی، شتێکی پێویست و بە کەڵکە کە من لێرەدا بە پێی توانا و زانیاری خۆم، لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دا هەوڵ دەدەم بە وردی لێیانەوە بدوێم و هیوادارم بتوانم وڵامی زۆر پرسیارم دابێتەوە و زۆر ڕاستیشم ڕونکردبنەوەو تۆزێکیش نمی شەرمم خستبێتە تەوێڵی ئەوەنەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاگاهانە بەڵام دڵڕەق و بەرچاو تەنگ لە چاوی دژمنانی کورد و کوردستانەوە ڕوانیویانەتە ئەم ڕێکخراوە کە هەر لە سەرەتاوە بە خوێنی پاکی ڕۆڵەی کوردی فیداکار و شۆڕشگێڕی وەك، شەهیدان فەتاح نێزەڕۆیی و حەمەدەمین غەزالی(ساوانی) هەوێنی گرت.

ئەلف. سازمانی خەبات لە هەل و مەرجێکی وادا هاتە ئاراوە کە لەلایەکەوە ڕژیمی ڕەگەزپەرست و خورافاتی، ئاخوندی، بە ڕێبەرایەتی دڵڕەش و خوێن مژترین دیکتاتۆر(خومەینی) لە ژێر درشم و ئالای پیرۆزی ئیسلام دا، وڵامی داخوازیە ڕەواکانی گەلی کوردی موسڵمانی بە لەشکر کێشی و فتوای جیهاد و لە ناوبردنی گەلی کورد و سڕینەوەی ناوی نیشتمانمان،،کوردستان،،لەسەر نەخشەی جوغرافیا دایەوەو، لەلایەکی تریشەوە ڕێبازی چەپ و نەیارانی دین لە چوار چێوەی حیزب و ڕێکخراوی غەیرە کوردی دا، کوردستانیان کرد بوە سەنگەری دژی ڕژیمی بەناو ئیسلامی ئاخوندی. لە وەها هەل و مەرجێك دا بۆ وەڵامی بەهانەی لەشکرکێشی ڕژیم و خەبات بۆ ڕزگاری و ڕێز گرتن لە هەست و بیرو باوەری کۆمەڵانی موسڵمانی کورد و کۆبونەوەی خاوەن باوەڕانی ڕێبازی ئیسلامی ڕاستەقینە، لە سەنگەری خەباتی ڕەوای دژی داگیرکەرانی کوردستان دا، ڕێك بخات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی کە لە خاڵی ئەلف دا باسکراون، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوایەتی و ئیسلامی لەو قۆناغەی خەباتی کورد لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا، پێویستێکی حاشا هەڵنەگربوو، هەر بۆیە کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی شۆڕشگێڕو ڕوناکبیر و کەسانی خاوەن ڕابردووی پاکی کوردایەتی، گەڵاڵەی وەها ڕێکخراوێکیان داڕشت و پاش تاوتوێ کردن و هەڵ سەنگاندنی هەل و مەرجەکە، لەژێر ناوی ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران دا، بوونی خۆیان وەك ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ ڕاگەیاند. کە ئەمە لە لایەکەوە باشترین وڵام و چەك بو بۆ بەربەرەکانی ڕژیمی دژی گەلی بەناو ئیسلامی ئاخوندی و لە لایەکی تریشەوە سەنگەرێکی تری قایمی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو بۆ ئەو کەس و چین وتوێژانەی کە باوەڕیان بە مافە ڕەواکانی کورد و خەبات کردن بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانەیان هەبوو. بەڵام تا ئەو دەم ڕێکخراو حیزبێکی بە باوەڕی خۆیان لەو گۆڕەپانە دا نەدەدی. بەڕاستی ئەگەر سازمانی خەبات نەبوایە، ئەو هێزە بە فیڕۆ و خەسار دەچوو، هەروەك چۆن زۆر کەسی خاوەن هەستی کوردایەتی، بە ناچار خۆیان لە ڕیزو سەنگەری دوور و نامۆ لەگەڵ بیرو بۆچوونی خۆیان بینیەوە و تا نیوەی ڕێگا بڕیان کرد و پاشان شەکەت و ماندوو بە لاڕێ و هەڵدێراندا ڕۆیشتن و شوێنی خراپیشیان لەسەر دەورو بەر دانا.

پ. سازمانی خەبات لە ڕەوتی شۆڕشی ڕەوای گەلی کورد لە دژی دژمنی داگیرکەر لە کوردستانی بن دەستی ئێران لە سەنگەری چەکداری دا، زۆر حەماسەو شانازی خولقاندوون کە بۆ هەمیشە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان شانازیان پێوەدەکاو بەسەرخەتی دیار و بەرچاو لەسەر لاپەڕەکانی خۆی دەیان نووسێ و بە یادگار بۆ نەوەو قۆناغەکانی داهاتووی دوورو نزیکی گەلەکەمانیان هەڵدەگرێ. ئەو خوێنانەی کە سازمانی خەبات لەو پێناوەدا پێشکەشی کردوون، ئەگەر پڕ ڕەنگترو گەشتر لەو خوێنانە نەبن کە لە مەودای شۆڕشی ڕەوای گەلی کورد بە درێژای مێژوو پێشکەش کراون، کەم ڕەنگتر نەبوون و نین. هەر بۆیەشە لەدوای تێپەڕبوونی٢٧ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم ڕێکخراوە دا، خەباتیەکان و ڕێبوارانی ئەم ڕێگاو ڕێبازە، هەروا دڵ پڕ لە هیوا بە ڕزگاری و سەرکەوتن، لە سەنگەری خەبات و بەرخودان دا ماون و شان بە شانی باقی حیزب و ڕێکخراوەکانی ناو گۆڕەپانی خەباتی ڕەوای کوردستان دا دیارن و خاوەن جێ پەنجە و هەنگاون.

ئەوی کە جێگای سرنجە ئەوەیە کە، هەر لەگەڵ هەڵکردنی شنەبای دێموکراسی لە ڕۆژئاوای تا دوێنێ، ئیمپریالیزمی دنیازۆرەوە، بەرەو ڕۆژهەلاتی ماف پێشێل کراو و بن دەست بە تایبەت دوا بە دوای کارەساتی١١ی سیپتامبری ساڵی٢٠٠١ی زایینی لە دژی ئامریکا،هەموو معادەلاتە سیاسی و ئابووری و پێوەندیەکانی گۆڕین. زۆر دۆست جێگای دژمنیان گرت و زۆر دژمن و نەیار بوونە دۆست و ئەویندار. ولاتە یەکگرتوەکانیئامریکا دوای ئەم کارەساتە بە ناوی،،شەڕی دژی تیرۆر،، ڕای گەیاند ئەوەی لەگەڵمانە دۆستمانە و ئەوەی لەگەڵمان نیە دژمنمانە، بووبە ڕێبەرو چاکە سواری دیموکراسی و زۆر بەپەلە کەوتە کارو بە کردەوە لە دژی چەندین دەسەلات و دەوڵەت و دیکتاتۆر و کۆنە پەرست لە جیهان دا هەنگاوی هەڵگرت. حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان و حکومەت و دەسەلاتی بەعسی لە عراق، بە هاوکاری هێزە شۆڕشگێڕەکانی هەردوو ولاّت و هاوپەیمانەکانی، لەناو بردن و بەم کارەی سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاو زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی خاوەن دەسەلاتی دنیای کردنە هاوکارو یەکگرتوی خۆی. ئەم ئاکارو ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوە، لە لایك ئەوانەی تا دوێنێ بە دروشمی (بمرێ ئیمپریالیزمی دنیا خۆر بە تایبەت ئیمپریالیزمی ئامریکا) گۆێی دەورو بەریان کەڕو کاس کرد بوو، کەوتنە پەلەو دوشمەکانیان سڕینەوەو ڕووگەو ڕوانگەی خۆیان گۆڕی و بوونە هەودار و تۆبەکار لە خانەقای تەریقەتی نوێ دیموکراسی دا و خەریکی زیکرو فیکری بیکرن.

لەلایەکی تریشەوە پاشماوەو پەیڕەوانی دیکتاتۆرە ڕووخاو لەناو چوەکان و تاقم و ڕێکخراوە ترۆریستیەکان لەژێر ڕێنوێنی گەورە ڕێکخراوی تررۆریستی جیهانی (ئەلقاعیدە) دا بە دالّدە و تەیار کردنی مادەی و دابین کردنی پێداویستیەکانیان لەلایەن ڕژیمی ئاخوندی ئێران و هاوپەیمانەکانیەوە لە ژێر ناو دروشمی ئیسلامی دا، کەوتنە خۆو کارێکیان کردوەو دەکەن کە بە ڕاستی ئیسلام و مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لە سۆنگەی ئاکارو کردەوەی ئەوانەوە، ناحاڵیان و نەیارانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی ڕاستەقینەوە، هەرجۆرە تاوان و کردەوەێکی دوور لە ڕەفتارو ئەخلاقی مرۆڤایەتی دەخەنە پاڵ ئیسلام و لەو ناوەدا ڕاست و ناڕاست و چاك و خەراپ بەیەك چاو سەیر دەکرێن و لێك هەڵناوێژرێن.

سازمانی خەبات لەبەر تیشکی ڕووناکی ئەو ڕاستیانە کە، لە هەل و مەرج و قۆناغی ئێستادا ئیسلام دەبێ وەك پیرۆزێکی پیرۆ، چاوی لێبکرێ و لە بازاڕی ئاڵۆزی ئەوڕۆی سیاسەت دا تێکەڵ نەکرێ و نەبێتە ئامرازێکی بێ بایەخ و دار دەست و کەرەستەی مل ملانەو کێشەکان لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە لە بەر باوەڕی قوڵی سازمانی خەبات بە پەرەپێدان و گەشە سەندنی ئازادی کۆمەڵ و تاك و هەوڵ دان بۆ بەرەو پێشچوون و نوێخوازی و لە بەرچاوگرتنی مافی پەیڕەوانی هەموو ئایین و ئایین زاکان لە کۆمەڵی کوردەواری داو بەشداری کردنیان لە سەنگەری کوردایەتی داو بەجێ نەمان لە کاروانی پێشکەوتن و پێگەیشتن، لە دروشم و ڕێڕەو بەرنامەی کارو ناوی خۆی دا، ئاڵوگۆڕی پێك هێناو وەك ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی خەباتی نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازی، لە کۆنگرەی سێهەمی خۆیدا، خۆی ڕێکخست و ئێستا لەهەر کێشەو باس و خواستێکی سیاسی سەردەم دا وەك ڕێکخراوێکی سیاسی و چالاك لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکانی تردا دیارو بەرچاوە. خۆ هەموشمان ئەوە باش دەزانین کە لە قۆناغی ئێستای شۆڕشی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، چۆنایەتی زیاتر لەبەرچاو حەو جێ یە نەك چەندایەتی. چونکە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی تری گۆڕەپانی سیاسی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەرچەند لەباری چەندایەتیەوە چەندتر بن، لە باری چۆنایەتیەوە هەمان دەور و کاریگەریان هەیە کە سازمانی خەباتی کوردستان هەیەتی. مانەوەی سازمانی خەبات دوای٢٧ساڵ تێپەڕبوون بەسەر تەمەنی دا لە سەنگەری بەرخودان لە گۆڕەپانی سیاسی شۆڕشی کوردستان دا ئەو ڕاستیانە دەسەلێنێ.

(ڕێبوار حوسێنی لە وڵاتی سوئێد)